# بێباکیی سیاسی

١٨٧٣


## کارل مارکس



وەرگێڕانی بۆ کوردی: کارزان عەزیز



کتێبخانەی سۆشیالیستی

# بێباکیی سیاسی

**نوسەر: کارڵ مارکس**

**نوسراوە لە: ١٨٧٣**

**وەرگێر بۆ ئینگلیزی: بێگنامی**

**وەرگێڕ بۆ کوردی: کارزان عەزیز**

**سەرچاوە:** *The Plebs*, Vol. XIV, London 1922;

**یەکەمجار بڵاوکرایەوە لە:** 1874 in the Italian, Almanacco Repubblicano per l'anno 1874;

**یەکەمجار بڵاوکراوەیەوە بە زمانی کوردی لە: ئەڵتەرناتیڤی سۆسیالیستیی**

"چینی کرێکار پێویستی بە پێکهێنانی پارتێکی سیاسیی نییە؛ نابێت لەژێر هیچ پاساوێکدا بەشدار بێت لە کار و چالاکیی سیاسیدا، چونکە هەر ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕێک لەبەرامبەر دەوڵەتدا بریتییە لە داننان بە دەوڵەتدا: ئەمە پێچەوانەی پرەنسیپە هەمیشەییەکانە. نابێت کرێکاران مانبگرن؛ لەبەرئەوەی خەبات لەپێناو زیادکردنی کرێدا یان ڕێگریکردن لە کەمکردنەوەیان، وەک ئەوە وایە دان بە کرێدا بنێین: لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە دژ بە پرەنسیپە هەمیشەییەکانی ڕزگاریی چینی کرێکارە !
"ئەگەر کریکاران لە خەباتی سیاسیدا دژ بە دەوڵەتی بۆرژووازیی، تەنها لە دەرهێنان و دەرخستنی ئەوانەدا سەرکەوتووبن کە شاردراونەتەوە، ئەوا کرێکاران بە سازش کردن تاوانبارن؛ هەروەها ئەمە دژ بە پرەنسیپە هەمیشەییەکانە. هەموو بزووتنەوە ئاشتیخوازەکان وەک ئەوەی کرێکارە ئینگلیز و ئەمریکییەکان ئەو نەریتە خراپەی بەشداریکردنیان تێدا هەیە، دەبێت ترۆ و ڕیسوا بکرێن. نابێت کرێکاران خەبات لەپێناو دانان و دیاریکردنی سنورێکی یاساییدا بکەن بۆ ڕۆژی کار، لەبەرئەوەی ئەمە بریتییە لە ملدان و سازشکردن لەبەردەم ئاغا و سەرکارەکاندا، ئەو سەرکارانەی کە لە جیاتی شازدە بۆ چواردە کاتژمێر چەوساندنەوە و ئیستغلالکردندا، ئیتر دوازدە یان دە کاتژمێر هەڵدەبژێرن بۆ چەوساندنەوەی کرێکاران. تەنانەت نابێت خۆیان لەوەدا ماندوو بکەن کە کارکردنی منداڵانی تەمەن دە ساڵ لە کارگەکاندا بە شێوەیەکی یاسایی قەدەغە بکەن، چونکە بەمهۆیەوە ناتوانن کۆتایی بەو چەوساندنەوەیە بهێنن کە بەرامبە بە منداڵانی سەرو دە ساڵان دەکرێت: بەمشێوەیە کرێکاران پێیان دەکەوێتە نێو سازشێکی دیکەوە، کە پاکێتیی پرەنسیپە هەمیشەییەکان لەکەدار دەکات.
"هەروەها پێویستە کرێکاران کەمتر خوازیاری ئەوەبن بودجەی ئاوساوی دەوڵەت کە هەر لە کرێکاران خۆیانەوە وەردەگیرێت، دەوڵەتی پێ ناچار بکەن پارەی خوێندنی سەرەتایی منداڵی کرێکارانی پێ دابین بکرێت؛ لەبەرئەوەی خوێندن و پەروەردەی سەرەتایی تەنها بەشیکی کەمی خوێندن و پەروەردەیە نەک هەمووی. باشتر وایە ژنان و پیاوانی کرێکار توانای خوێندنەوە و نوسینیان نەبێت، نەک پەروەردە لە مامۆستای قوتابخانەیەکەوە وەربگرن کە لەلایەن دەوڵەتەوە بڕێوە دەبرێت. نەزانین و کارکردنی شازدە کاتژمێریی لەلایەن کرێکارانەوە لە ڕۆژێکدا زۆر لەوە باشترە کە پرەنسیپە هەمیشەییەکان پێشێل بکرێن و ببنە جێگەی بێ نرخکردن.
"ئەگەر خەباتی سیاسی چینی کرێکار دەبێتە هەڵگری فۆرمی توندوتیژانە و ئەگەر کرێکاران دیکتاتۆریەتی بۆرژووازیی بگۆڕنەوە بە دیکتاتۆریەتی شۆڕشگێڕیی، ئەوا

کریکاران بە تاوانە زۆر خراپەکە تاوانبارن کە بریتییە لەلادان و نەبوونی پرەنسیپی هەمیشەیی؛ لەبەر ئەوەی، بۆ ئەوەی پێویستییە چەرمەسەرییە ڕۆژانەییە نائاینییەکانیان پڕ بکەنەوە ، و دڵیان بۆ بەرگریی چینی بۆرژوازیی لێبدات، ئەوا لە جیاتی ئەوەی چەکەکانیان دابنێن و دەوڵەت لەناوبەرن، فۆرمێکی شۆڕشگێڕیی و تێپەڕ بدەن بە دەوڵەت. تەنانەت نابێت کرێکاران یەکێتی تاک بە تاک بۆ هەر بازرگانییەک دروست بکەن، چونکە بەو هۆیەوە کرێکارانیش هەمان ئەم دابەشکارییە کۆمەڵایەتییەی کار دروست دەکەنەوە کە کۆمەڵگای بۆرژوازیی دروستی دەکات؛ ئەم دابەشکارییە کە دەبێتە هۆی دابەشکردن و بەش بەشکردنی کرێکاران بریتییە لە بنەڕەت و بنچینەی دۆخی کۆیلاییەتی هەنووکەییان.

"بە کورتیی، پیویستە کرێکاران خۆیان کۆبکەنەوە و واز لە چاوەڕوانکردنی کات بهێنن لە بزووتنەوەی سیاسی و ئابووریدا. ئەو بزووتنەوانە هەرگیز ناتوانن هیچ شتێک بەرهەم بهێنن جگە لە دەرئەنجامی کورتخایەن نەبێت. پێویستە وەکو پیاوانی ئایینی ڕقیان لە پێویستییە ڕۆژانەییەکان بێتەوە و بە دەنگی پڕ لە باوەڕەوە هاوار بکەن و بڵێن: "با چینەکەمان لەناوبچێت، با ڕەگەزیی مرۆیی کۆتایی بێت، بەڵام با پرەنسیپ و باوەڕە هەمیشەییەکانمان بۆ هەمیشە بە پاکی و بێ خەوشی بمێننەوە ! وەک ئەوەی کە مەسیحییە وابەستەکان بە ئایینەکەیانەوە پێویستە بڕوا بە وشە و بۆچوونەکانی قەشەکەیان بهێنن، شتە باشەکانی ئەم دونیایە وەلاوە بنێن و تەنها بیر لە ڕۆشتن بۆ بەهەشت بکەنەوە. *لە جیاتی بەهەشت، لە ناوچوون یان توانە وە ی کۆمەڵایەتی،* بخوێننەوە کە ڕۆژێک لە هەر جێگایەکی ئەم جیهانەدا هەیە ، کە هیچ کەسێک نازانێت چۆن یان لەلایەن کێوە ڕوو دەدات، هەروەها سەرلێشێواندن و تێکدانەکە لە هەموو ڕووەکانەوە هاوشێوە و یەکسانە .

بەمجۆرە، چینی کرێکار پێویستە لە چاوەڕوانی ئەم توانەوە و لەناوچوونەوەدا بە شێوەیەکی ڕێک و ڕێزدارانە بجووڵێتەوە و ڕەفتار بکات، وەکو ڕانە مەڕێکی باش تێرکراو؛ دەبێت بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە حکومەت جێبهێڵێت، لە پۆلیس بترسێت، هەروەها ڕێز لە یاسا بگرێت و وەکو سەربازی برینداری بێ سکاڵا و نقە لێبڕو خۆی تەسلیم بکات .

"دەبێت کرێکاران لە ژیانی ڕۆژانەی پراکتیکییاندا ببنە گوێڕایەڵترین خزمەتکارانی دەوڵەت؛ بەڵام لە دڵیانەوە پێویستیان بە نارەزایەتی نواندنی پڕ وزەیە دژ بە بوونی دەوڵەت، هەروەها لە ڕێگەی خوێندنەوە و بەدەستهێنانی ڕێککەوتننامەکان دەربارەی

نەمان و لەناوچوونی، بەڵگە و سەلماندنی تیوریی قووڵ بدەن بە نارەزایەتییەکەیان؛ پێویستە کرێکاران بە ئاگایی و وریایی زیاترەوە چیتر پاشەکشە بکەن لە دواخستنی هەر بەرگرییەک دژ بە ڕژێمی سەرمایەداریی بەجیا لە گێڕانەوە و تاوتوێی کۆمەڵگای داهاتوو، کاتێک کە ئەم ڕژێمە بێزراو و ڕقلێبووەوە دەبێت نەمێنێت!.

ناتوانرێت نکۆڵی لەوە بکرێت کە ئەگەر داکۆکیکارانی "ناپەیوەستێتیگەرایی یان ناپەیوەنددار بە سیاسەتەوە" بە ڕوونێتی و کراوەییەوە گوزارشت لە خۆیان بکەن، ئەوا چینی کرێکار ئامادە دەبێت خۆی لەبەردەم بۆرژووازیدا پاک بکاتەوە و دان بە تاوانیدا بنێت و ئیهانەی پیبکرێت، لەبەردەم ئەو بۆرژووازیيانەی کە هێندە گەمژە و ساویلکەن و هەوڵی نکۆڵیکردنی هەر ئامراز و کەرەستەیەکی خەباتکردنی چینی کرێکار دەدەن. دەبێت هەموو ئەو چەکانەی کە بۆ جەنگ ئامادەن لە کۆمەڵگا وەرگیرێن وەک ئەوەی هەیە و هەلومەرجە بکوژ و زیانبەخشەکانی ئەم ململانێیە ئەو بەدبەختییەی هەیە کە ناتوانرێت بە شێوەیەکی ئاسان لەگەڵ ئەو فەنتازیا ئایدیالیستییانە بگونجێرێت کە دکتۆرەکانی *زانستی کۆمەڵایەتی* لەژێر ناوی وەکو ئازادیی و ئۆتۆنۆمی و ئەنارشتییدا، بەرزی دەکەنەوە. هەرچەندە، بزووتنەوەی چینی کرێکاری ئەمڕۆ ئەوەندە بەهێزە کە ئەم سێکتاریستە خۆبەخشانە زاتی ئەوە ناکەن ئەو ڕاستییانە لەپێناو ململانێی ئابووریدا دووبارە بکەنەوە کە لە ڕابردوودا بە شێوەیەکی بەردەوام بەسەر سوبێکت و تاکی خەباتی سیاسییەوە ڕابگەیەنن. ئەمانە لێرە بەدواوە بە سادەیی ئەوەندە ترسنۆکن کە ناتوانن تەنانەت ئەوانە لە مانگرتن و گردبوونەوە و یەکێتی تاک-بەهرەداران و یاساکانی ژنان و منداڵان و سنوردارکردنی ڕۆژی کارکردنیشدا پەیڕەو و پیادەی بکەن.

ئێستا کاتی ئەوەیە بزانین کە ئایا هێشتا دەکرێت و دەتوانین بیانگەڕێنینەوە بۆ نەریتە کۆنە باشەکان، بۆ میانڕەویی، بڕواداریی باش و پرەنسیپە هەمیشەییەکان .

سۆسیالیستە یەکەمینەکان (فۆرییەر، ئۆوین، سەینت سیمۆن و ئەوانیتر)، لەو کاتەوەی هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی باش و گونجاو گەشەیان نەکردبوو تا بتوانن ڕێگە بە چینی کرێکار بدەن خۆیان وەکو چینێکی میلیتانت و خەباتگێڕ دروست بکەن، بۆیە بە شیوەیەکی زەروری ناچارکرابوون خۆیان سنوردار بکەن و خەون بە مۆدێلێکی کۆمەڵگای داهاتووەوە ببینن و وایان لێکرابوو نەفرەت لە هەر هەوڵێکی وەکو مانگرتن و گردبوونەوە و بزووتنەوەیەکی سیاسی بکەن کە لە ناو شەمەندەفەردا سازدەکرا لەپێناو باشترکردنی پشک و ڕێژەکانیان. بەڵام هێندەی کە ناتوانین ئەو

باوکانەی سۆسیالیزم ڕەتبکەینەوە، هەروەک ئەوەی کە کیمیاگەران ناتوانن نکۆڵی لە باوکانی کیمیا بکەن، ئەوا پێویستە ئێمە خۆمان لەوە بە دوور بگرین بکەوینە هەمان هەڵەکانی ئەوانەوە، ئەو هەڵانەی کە ئەگەر دووبارەیان بکەینەوە، جێگای پاساو بۆ هێنانەوە و لێخۆشبوونیان نییە .
هەرچەندە دواتر و لە ساڵی ١٨٣٩ دا کاتێک خەباتی ئابووریی و سیاسیی کرێکاران لە ئینگلاند بە شێوەیەکی تا ڕادەیەک نوێ دەستی پێکردوە، ***برەی*** کە یەکێک بوو لە قوتابییەکانی ***ئۆوین*** و هەروەها یەکێکیش بوو لەوانەی کە زۆر لە پێش پرۆدۆنەوە دەستی بۆ ئایدیای دووانەییگەرایی بردبوو، کتێبێکی بڵاوکردەوە بەناوی "هەڵەکانی کرێکاران و چارەسەری کرێکاران ."
لە چاپتەرێکی کتێبەکەیدا دەربارەی ناتەواویی هەموو ئەو چارەسەرانەی کە بە ئامانجگیراون لەلایەن خەبات و ململانێی ئێستاکەوە، پێی دەکەوێتە نێو ڕەخنەیەکی توندوتیژانەوە بەرامبەر بە هەموو ئەو چالاکییە سیاسیی و ئابوورییانەی چینی کرێکارانی ئینگلاندەوە، ئیدانەی هەموو بزووتنەوە و مانگرتن و سنوردانانێکی ڕۆژی کار دەکات، هەروەها سنوردانان بۆ کاری ژنان و منداڵان لە کارگەکاندا، لەبەرئەوەی هەموو ئەمانە یان وەک ئەوەی کە خۆی ڕایدەگەیەنێت لەجیاتی ئەوەی لە کۆمەڵگای هەنووکە و ئامادە بمانبەنە دەرەوە، دەمانهێڵنەوە و هیچ شتێک بەرهەمناهێنن جگە لەوەی کە دوژمنایەتی و ئەنتاگۆنیزمەکان توندتر دەکەنەوە.
ئەمە بەرەو دیدگای دکتۆرەکانی زانستی کۆمەڵایەتیمان دەبات، ***پرۆدۆن*** بە نموونە. لەکاتێکدا مامۆستا و گەورە ئەو زیرەکیی و بوێرییەی هەیە خۆی بە وزەیەکی زۆرەوە دژ بە هەموو چالاکییە ئابورییەکانی وەکو گردبوونەوە و مانگرتن ڕابگەیەنێت کە پێچەوانە و دژی هەموو تیۆرییە چارەسەرئاساکانی دووانەییگەرایی دەوەستێتەوە، لە هەمانکاتیشدا، لە ڕێگەی نوسینەکانی و بەشداریی تاکەکەسیی خۆیەوە، هانی بزووتنەوەی کرێکاریی دا، هەروەها ، قوتابییەکانی زاتی ئەوە ناکەن بە شێوەیەکی ڕوون و ڕاشکاو دژی ئەمە بوەستنەوە. بە گەڕانەوە بۆ ساڵی ١٨٤٧ ، کاتێک کارە مەزنەکەی گەورە و مامۆستاکە "سیستەمی دژیکییە ئابوورییەکان" بڵاوکرایەوە ، من یەکسەر ئەو سۆفیزمانەی ئەمم ڕەتکردەوە کە دژ بە بزووتنەوەی کرێکاریی بوون. سەرەڕای ئەوەش لە ساڵی ١٨٦٤، پاش ***لوی ئۆلیڤەر***، ئەوەی کە بە شێوەیەکی زۆر سنوردار مافی کۆبوونەوەی بە کرێکارانی فەڕەنسیی دا، پرۆدۆن بۆ بەرپرسیارێتییەک

گەڕایەوە لە کتێبێکدا، ***توانا سیاسییەکانی چینی کرێکار*** ، کە پاش چەند ڕۆژێک لە مردنی بڵاوکرایەوە .
ڕەخنەکانی مامۆستاکە بە شێوەیەکی زۆر ڕوویان لە تام و چێژی بۆرژوازیی بوو، تایمز لەسەر ڕووداوی مانگرتنە مەزنەکەی خەباتەکانی لەندەنی ساڵی ١٨٦٦ کە پرۆدۆن شەرەفی خۆ وەرگێڕان و ئیدانەکردنی مانگرتنەکانی بە زمانی مامۆستا و گەورەکە، ڕەوا بەخۆ بینی.
کرێکارانی ***کانی ڕایڤ دی گایەر*** دەستیان بە مانگرتن کرد؛ دواتر سەربازیان بۆ هێنرا تاکو بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان. پرۆدۆن هاوار دەکات، "ئەو دەسەڵاتەی کە بووە هۆی کوشتنی کرێکارانی کانی ڕایڤ دی گایەر بە شێوەیەکی بێڕێزانە هەڵسووکەوتی کرد. بەڵام ئەمە ڕەفتارکردنێکە لەشێوەی ئەوەی بروتەس کە لەنێوان خۆشەویستی باوکانە و دەسەڵاتدارانە و ئەرکی باڵیۆزیدا گیریخواردبوو: پێویستبوو قوربانی بە کوڕەکانی بدات بۆ ئەوەی کۆمارەکەی ڕزگار بکات. بروتەس دوودڵی نەبوو، هەروەها نەوەکانی داهاتوو زاتی ئەوە نەکەن ئیدانەی بکەن". لە هەموو یادەروەری پرۆلیتاریادا، مێژوو و ئەرشیفی هیچ بۆرژووایەک نییە دوودڵی و دڵەڕاوکێی کردبێت لە قوربانیکردنی کرێکاراندا لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانیدا. کەواتە، ئەبێ بۆرژووازەکان چی بروتەسێک بن!
"باشە، نەخێر: هیچ مافێکی کۆبوونەوە بوونی نییە، هەروەک ئەوەی کە هیچ مافێکی فێڵکردن و دزیکردن و سێکسکردن لەگەڵ خوشک و برا و خیانەتکردنی هاوسەرییدا بوونی نییە." بەڵام زۆر بە ڕوونی مافی گەمژایەتی و گێلێتی هەیە .
پرەنسیپی هەمیشەیی یەکەم: "ڕێژەی کرێ بڕیار لە نرخی کاڵاکان دهدات ."
تەنانەت ئەوانەشی کە ئاگایی و زانینێکیان بە ئابووریی سیاسیی نییە و ئەوانەی نائاگان لەوەی ئابووریناسی گەورەی بۆرژوازیی ڕیکاردۆ لە کتێبی "***پرەنسیپەکانی ئابووریی سیاسیی***"دا کە لە ساڵی ١٨١٧ دا بڵاوکرایەوە، ئەم هەڵە تەمەن درێژەی بە جارێک و بۆ کۆتا جار ڕەتکردەوە، هێشتا ئاگاداری ئەم ڕاستییە ئاشکراو و دیارەن کە پیشەسازیی بەریتانی دەتوانێت بەرهەم و کاڵاکانی بە ڕێژەیەکی بەرچاو هەرزانتر لە هەر نەتەوەیەکیتر بفرۆشێت، لە کاتێکدا کە کرێکار لە ئینگلاندا لە هەر وڵاتێکی دیکەی ئەورووپیش بەرزتربوو.

پرەنسیپی هەمیشەیی دووەم: "ئەو یاسایەی کە سەلاحییەت و ڕێگە بە کۆبوونەوەکان دەدات بە شێوەیەکی باڵا دژە-دادوەرییە، دژە-ئابوورییە و هەروەها دژی هەر کۆمەڵگا و نەزمێکە." بە کورتیی، "دژی مافی ئابووریی کێبڕکێی ئازادە ".
ئەگەر ماستەرەکە تۆزێک کەمتر شۆڤینی بووایە، لەوانەیە ئەو پرسیارەی لە خۆی بکردایە کە ئایا چۆن چل ساڵ پێش ئێستا یاسایەکی دژ بە مافەکانی کێبڕکێی ئازاد لە ئینگلاندا بڵاوبوویەوە، هەروەها بەو شێوەیەی کە پیشەسازیی گەشە دەکات، بە تەنیشتیشییەوە کێبڕکێی ئازاد گەشە دەکات، ئەم یاسایە- کە دژ بە هەر کۆمەڵگا و نەزمێکە- خۆی وەکو زەرورەتێک دەسەپێنێت تەنانەت بەسەر دەوڵەتە بۆرژووازییەکان خۆشیاندا. لەوانەیە وای بۆ چووبێت کە ئەم مافە (بە سەرمایەی R)ەوە تەنها لەناو دەستنووسە ئابوورییەکاندا بوونی هەیە لەلایەن برایان و ئینگنۆرامەسی ئابووریی سیاسیی بۆرژووازییەوە، کە تێیدا دەستنووسەکان ئەم جۆرە مرواریانە لەخۆ دەگرن: "موڵک بەرهەمی کارە" (بەڵام بیری دەچێت بڵێت ئەو کارەی کە ئەوانیتر دەیکەن یان بە دەربڕینێکیتر کاری ئەوانیتر نەک کاری خاوەن کارەن خۆیان)
پرەنسیپی هەمیشەیی سێیەم: "بەمهۆیەوە، لەژێر پاساوی هەڵسانەوەی چینی کرێکاردا لە دۆخی ئەوەی پییدەگوترێت نزمتر لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، پێویستی بەوە هەیە بە نارەزایەتی نواندنێک دەست پێبکات دژ بە هەموو چینی هاوڵاتیان، چینی بۆس و بەڕێوبەران، بازرگانان، ماستەر و بۆرژوواکان؛ پێویستی بەوەیە دیموکراسی کرێکاران بەرز بکرێتەوە بۆ ترۆکردن و ڕق لێبوونەوە لەو ئەندامە ناشایستانەی چینی ناوەڕاست؛ پەسەندکردنی جەنگی بازرگانیی و پیشەسازیی بە بەراورد و زیاتر لە چەپاندنی یاسایی، زەرووری دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا، دەستبردن بۆ ئەنتاگۆنیزمی چینایەتی زەروریتر دەبێت لە دەستبردن بۆ پۆلیسی دەوڵەت ." (6)
ماستەر و ئاغا بۆ ئەوەی ڕێگری بکەن لەوەی چینی کرێکار لە خۆ بەکەمزانین و نزمکردنی کۆمەڵایەتی هەڵبێن، ئیدانە و نەفرەت لە کۆبوونەوە دەکات کە ڕێگا بۆ چینی کرێکار خۆش دەکات ببێتە چینی دوژمن بەرامبەر بە کاتیگۆری ڕێزلێگیراوی ماستەر و ئاغاکان و بازرگانان و بۆرژووازەکان، ئەوانەی کە لەلای خۆیانەوە پێیان خۆشە خەباتی چینایەتی ببێتە جەنگی دژ بە پۆلیسی دەوڵەت، هەروەک ئەوەی کە پرۆدۆنیش دەکەوێتە ناو ئەمەوە. بۆ خۆلادان لە هەر ئیهانە و ئیستفزازێک بەرامبەر بەم چینە ڕێزدارە، پرۆدۆنی ئاغا ڕێنمایی (تا ساتی ڕژێمە دوولایەن خوازەکە، هەروەها

سەرباری کەمووکورتییە مەترسیدارەکانی) ئازادیی یان کێبڕکێ دەکات بۆ کرێکاران، وەک تاکە زەمانەتمان ."ئاغا ئامۆژگاریی و خیتابی بێ لایەنی دەدات لە ئابووریی‌دا – بۆ ئەوەی ئازادیی و کێبڕکێی بۆرژوازیی بپارێزرێت، کە تەنها زەمانەت و گەرەنتیمانە. قوتابییەکانیشی خیتاب و ئامۆژگاریی بێ لایەنی دەکەن لە سیاسەتدا– بۆ پارێزگاریکردن و پاراستنی ئازادیی بۆرژووزایی، کە تەنها زەمانەت و گەرەنتییانە. ئەگەر ئەو مەسیحییە سەرەتاییانەی کە هەروەها ئامۆژگاریی و خیتابی دوورکەوتنەوەیان لە سیاسەت دەکرد "بێلایەنیگەرایی لە سیاسیەت" پێویستیان بە سوپای ئیمپراتۆرێک بووایە بۆ ئەوەی لە ستەملێکراوەوە ببن بە ستەمکار، ئەوا بانگدەرانی بێلایەنگەرایی یان بێ لایەنیی سیاسیی بڕوایان بەوە نەدەبوو کە پرەنسیپە هەمیشەییەکانی خۆیان سنور بۆ چێژو و ڕابواردنە زمینییەکانیان و ئیمتیازە کاتییەکانیان لە کۆمەڵگای بۆرژووازیی‌دا دابنێت. هەرچەندە پێویستە درک بەوە بکەین کە ئەوانە ڕەواقییەتێک پیشان دەدەن کە شایەنی ئەو شەهیدە مەسیحییە سەرەتاییانەن لە پشتگیریکردنی کارکردنی چواردە و شازدە کاتژمێردا وەک ئەوەی کە ئەرکی سەر شانی کرێکارانی ناو کارگەکانی بە شێوەیەکی زۆر قورستر کردووە.

Footnotes

2. P. J. Proudhon, Système des contradictions economiques, ou philosophie de la misère (1846). This was the work that Marx replied to with his book The Poverty of Return to Text (1847). Philosophy

3. De la Capacité politique des class ouvrières, Paris, 1865, p. 413. To give Proudhon his due, he was not so much justifying the actions of the French authorities as exposing Return to the 'contradictions' he saw as an inevitable evil of the present social order. Text

Return to Text 4. ibid., p. 421.

Return to Text 5. ibid., p. 424.

Return to Text 6. ibid., p. 426.

Return to Text 7. ibid., p. 422